# [پێتانی دەناسێنم، مێردەکەم ئاغای پیچازی]

## شانۆنامە

## گیتی بایەندۆر



وەرگێڕانی: خوناو ئیسماعیل

کتێبی ژنەفتن
٦

کتێبی ژنەفتن

٦

# [پێتانی دەناسێنم، مێردەکەم ئاغای پیچازی]

شانۆنامە

گیتی بایەندۆر

**وەرگێڕانی: خوناو ئیسماعیل**

# [پێتانی دەناسێنم، مێردەکەم ئاغای پیچازی]

شانۆنامە

گیتی بایەندۆر

**وەرگێڕانی: خوناو ئیسماعیل**

هەواڵنامەی کتێب

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشانی: پێتانی دەناسێنم، مێردەکەم ئاغای پیچازی
نووسینی: گیتی بایەندۆر
بابەت: شانۆنامە
وەرگێڕانی: خوناو ئیسماعیل
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە : هەولێر، ئایاری ٢٠٢١
چاپی یەکەم: ئلیکترۆنی
٦١ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئیلکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێپێدراوە.

## کارەکتەرەکان:

ئاغای کەتانچی: پیاوێکی تەمەن مامناوەند، باوکی ماندگار و خاوەنی دوکانەکە.

ماندگار: کچێکی سیوپینج ساڵ.

ئاغای پیچیازی: ڕۆڵی مانکەنی نێو فرۆشگاکە دەبینێت، وەکوو مانکەنێکیش جوان و ڕێک پۆشە.

ئەرسەلان: ئەو پیاوەی کە دیزاینەری دیکۆری فرۆشگاکەیە، تەمەنی نزیکی چل ساڵ دەبێت و زۆریش سەرنجڕاکێش نییە.

خانمی سەرهەنگ: ژنێکی زۆربلێ و لاپرەسەن[1] بەڵام میهرەبان.

سەرهەنگ: پیاوێکی وشک و فەرمی و بە ئووسوڵ بەپێچەوانەی هاوسەرەکەی.

منداڵەکانی قوتابخانەی کچان.

کوڕە مێردمنداڵەکە: کرێکاری کارگەی جل دوورین.

[1] فضول

(دیمەنی شانۆکە لە دوکانێکی جلی پیاوانەیە پێک دێت، بە شێوەیەک کە مێزەکە و لە پشتەوەشی شوێنی جلی پیاوانەوە دەبینرێت، لەلای ڕاستی شانۆکە، شووشە و دیکۆراتی دوکانەکە دەبینرێت، کە چەند مانکەنێک لەوێ دانراوە و جلوبەرگی پاییزەیان لەبەر کراوە. بۆ نموونە کراسی قۆڵدار و پانتۆڵ. لەلای چەپی دیمەنەکە مێزێکی بچوک لەگەڵ دوو کورسی کۆن لەمدیو و ئەودیو، تەلەفوونێکی کۆنیشی لەسەر دانراوە. لە تەنیشت مێزەکە قادرمەیەک هەیە کە کەمێک بەرزە و دەچێتە نهۆمی سەرەوە و لە ڕاستیشدا بۆ شوێنی ژیانی خاوەنەکانی دوکانەکە دەڕوات. یەکێک لە مانکەنەکان لەتەنیشت مێزەکەدایە و کە وەکوو مانکنەکانی دیکە جلی لەبەرکراوە. ئەمە دوکانێکی جلی پیاوانەیە لە سووچێکی شاردا کە ماوەی سی ساڵە لەوێیە. هەربۆیە ڕەگەزەکانی نێو دیمەنەکە دەبێت ئەم کۆنییەی ئەوێ دیار بخەن. لە تەنیشت دەرگای دوکانەکە زەنگۆڵەیەک هەڵواسراوە لەکاتی کردنەوە و داخرانی دەرگاکە دەنگی لێوە دێت.

ڕووناکی دیمەنەکە بە گشتی کزە، بەڵام گڵۆپەکانی شووشەی دیکۆری دوکانەکە داگیرساون و پەیکەرەکان بەهۆی ئەو ڕووناکییەی سەرەوەیان، دەبینرێن. بوومەلێڵە. دەنگی مۆسیقایەکی شاد بەرگوێ دەکەوێت. دەنگی چەند کیژۆڵەیەک دێت کە بە پێکەنینەوە دەگەنە پێش دوکانەکە. ڕێک لە پێش مانکەنەکان ڕادەوەستن. جانتاکانیان لەسەر زەوی دادەنێن و دەیانەوێت لەودیو شووشەکەوە وێنە لەگەڵ مانکەنەکان بگرن. یەکێکیان دەست دەخاتە ملی مانکەنێک و ئەویتریان وەکوو وێنەگرێک وێنەی دەگرێت. قاقا پێدەکەنن و پاشان ئەویتریان ژێستێکی تر وەردەگرێت. دەنگی زەنگی قوتابخانە دێت، سەیری یەکتردەکەن و بەخێرا دەڕۆن.

ڕووناکی نێو دیمەنەکە تەواو دادەگیرسێت و ڕووناکی سەر مانکەنەکان دەکوژێنرێتەوە. ماندگار لەنێو دیمەن و ستەیجەکە بە تەنیایە. پارچە قوماشێک و موعجیزەیەکی شووشە سڕینەوەی بە دەستەوەیە و سەرقاڵی پاککردنەوەی شووشەی دوکانەکەیە، بەردەوام دێتە دواوە و سەیری شووشەکە دەکات و دیسان بە هەستیارییەوە

خەریکی پـاککردنەوە دەبێـت. دەرگـاکە دەکرێتەوە دەنگی زەنگۆڵەکان دێت. مێرمنداڵێک لەکاتێکدا چەند دەســـت جلی بە دەســــتەوەیە و بەئەســــتەم پێش خۆی دەبینێت دێتە ژوورەوە و جلەکان لەسەر مێزەکە دادەنێت).

*** 

هەواڵنامەی کتێب

## دیمەنی یەکەم

کوڕە مێردمنـداڵەکە: ببورن ئێرە دوکـانی جلوبەرگی پیاوانەی ئاغای ماندگارە؟

ماندگار: ئەی بۆ سڵاو ناکەی؟

کوڕە مێردمنداڵەکە: ســڵاو! ببورن ئێرە دوکانی فرۆشــتنی جلوبەرگی پیاوانەی ئاغای ماندگارە؟

ماندگار: خانمی ماندگار!

کوڕە مێرمندالەکە: ببورن ئێرە شوێنی فرۆشتنی جلوبەرگی پیاوانەی خانمی ماندگارە؟

ماندگار: من خانمی ماندگارم، ئێرە شوێنی فرۆشتنی جلوبەرگی پیاوانەی ماندگارە، تەنیا ماندگار!

(کوڕە مێردمنداڵەکە دەچێتە دەرەوە و سەیرێکی تابلۆی دوکانەکە دەکات و دیسان دێتە ژورەوە).

کوڕە مێردمنداڵەکە: نەنووسراوە تەنیا فلان، خانم! تەنیا نووسراوە ماندگار.

ماندگار: دەڵێیی ئیشت چییە یان نا؟

کوڕە مێردمنداڵەکە: بەڵێ (پسوولەیەک لە گیرفانی دەردێنێت.) تکایە ئەمە واژوو بکە. ئەوەی داواتان کردبوو هێناومە. واتە ئەو پاڵتاوە زستانییانەی کە داواتان کردبوو.

ماندگار: (بە شاگەشکەوە) وای دواجار گەیشتن، ئازیزم!

کوڕە مێردمنداڵەکە: لەگەڵ منت بوو؟

ماندگار: نەخێر!

هەواڵنامەی کتێب

کوڕە مێردمنداڵەکە: ئەها!

ماندگار: دڵنیامە زۆر لێت دێت!

کوڕە مێردمنداڵەکە: من خانم؟ (بە ترسـەوە خۆی لەسـەر ڕێگای ماندگار لادەدات.)

(بەبێ گوێدانە ئەو، ماندگار پاڵتۆکان دەکاتەوە و دەیکاتە بەر یەکێک لەو مانکەنانەی کە لەنێو دوکانەکەدایە و زەڵـت لێی دەڕوانێت. کوڕە مێردمنداڵەکە بە سـەرسـوورمانەوە سەیری هەموو کارەکانی دەکات.)

ماندگار: (کە تا ڕادەیەک دەقیژێنێت.) تۆ زۆر ناوازەی!

کوڕە مێردمنداڵەکە: (لەگەڵ هاوارەکەی لە شـوێنی خۆی ڕادەچڵەکێ.) کێ خانم من؟

ماندگار: نەخێر!

کوڕە مێردمنداڵەکە: خانم دەکرێت ئەم پسـوولانە واژوو بکەن تاکوو خێرا من لێرە بڕۆم؟

(ماندگار کە بە دیار مانکەنەکە حەپەســاوە، پســوولەکە واژوو دەکات. مێردمنداڵەکە بەخێرایی دەیخاتە گیرفانی و دەچێتە دەرەوە. ماندگار هەر بە واق وڕماویی ســەیری مانکەنەکە دەکات. پاشــان دەنگی مۆســیقای ســەمایەکی ڤالْزی دوو کەســی دەبیســترێت. ماندگار چاکەتەکە لەبەر مانکەنەکە دادەکەنێت و لەگەڵیدا دەســت دەکات بە ســەمایەکی دوو کەســی، بە چواردەوری دیمەنەکە دەسوڕێتەوە و دووبارە دەگاتەوە مانکەنەکە و لەکاتێک کە هەناســەبڕکێیەتی، وەک ئەوەی لە ناوەڕاســتی میوانییەکدا بە تەنوورەکەی ڕێزێک دەنوێنێت و ڕوو دەکاتە خەڵکەکە و دەڵێت:)

ماندگار: پێتان دەناسێنم!

(ئاغای کەتانچی لەســەرخۆ لە پلیکانەکان دێتە خوارەوە و مۆسیقا و قسەکەی پێ دەبڕێت.)

کەتانچی: کێ بوو ڕۆیشت؟

ماندگار: (بە شاگەشکەوە) پاڵتاوە زستانییەکان گەیشتن.

کەتــانچی: دواجــار گەیشــــتن! ئیتر خەریکبوو نیگەران دەبووم، خەریک بوو درەنگ دەکەوت.

(ماندگار لەکاتێک چاکەتەکەی بە دەســـتەوەیە، دەیکاتە بەر مانکەنەکە.)

ماندگار: زۆر شیکە وانییە ؟

کەتانچی: دەبوو وابیت، ئەم بەرگدوورە سی ساڵە خەریکی ئەم کارەیە.

مـاندگـار: (لـە جـەوی دراوە) قـاوەڵتییـەکـەتـان لەســـــەر مێزەکەیە.

(کەتـانچی دەچێت چـاکەت و پـاڵتـاوەکـانی تر ببینێت و شـــــەنوکەویان دەکات. پاشـــــان لە پشـــت مێزەکەوە بۆ خواردنی قاوەڵتییەکە دادەنیشێت.)

کەتانچی: تەلەفۆن بۆ ئاغا ئەرســــەلان بکە، کۆتایی هەفتە بێت دیکۆر و شووشـەکە بگۆرێت.

ماندگار: بڕیاربوو کەسێکی تری بۆ بهێنین.

کەتانچی: بۆچی؟ چونکە داخوازی تۆی کردووە؟

ماندگار: ئەو حەزی بە من نییە، چاوی لە دووی دوکانەکەی ئێوەیە. خۆشتان ئەمە دەزانن.

کەتانچی: بەهەر حال ئەو یەکەمین پیاوە کە داخوازی لە تۆ کردووە.

ماندگار: باشترە وایە بڵێن ئەو یەکەم پیاوە مۆڵەتی هەبووە لەگەڵ مندا قسە بکات.

کەتانچی: لەگەڵیدا قسەت کردووە؟یانی (وەستانێکی کورت) بەتەنیا، بەبێ ئەوەی من لەوێ بم؟

ماندگار: هەڵبەتە کە نا! من تەنها لەگەڵ خۆم قسە دەکەم، لەگەڵ ئێوە و مانکەنەکان.

کەتانچی: باشە، خەیاڵم ئاسودە بوو، خۆم تێلێک بۆ ئەرسەلان دەکەم.

ماندگار: هێشتا سەرەتای پاییزە باوکەگیان!

کەتانچی: بۆیە من لەنێو هەموو دوکانە جل فرۆشییە پیاوانەکانی ئەم دەوروبەرە لە پێشترم، چونکە کاتێک هەموویان سەرقاڵی فرۆشتنی جلوبەرگی پایزیین، ئەوا چاکەتی زستانە لەبەر مانکەنەکانی من و کاتێکیش هێشتا بەهار نەهاتووە...

ماندگار: (بە ڕیتمێکی شاعیرانەوە)... ئەوان کراسی قۆڵکورت و (بە پێداگرییەوە) پانتۆڵی ڕەنگاوڕەنگی بەهارییان لەبەردایە. (وچانێکی کورت) دەتەوێت خۆم شووشە و دیکۆرەکە بگۆرم باوکە؟

کەتانچی: چیتر؟ هەر ئەوە مابوو ژنێک جلی مانکەنە پیاوانەکان بگۆرێت؟ خەڵکی چی دەڵێن؟ خۆ گێژ نیت کچم؟ سی ساڵ جێی متمانەبوونی من لەم گەڕەکە...

ماندگار: گاڵتەم کرد باوکە! (موعجیزە و دەسڕەکە بەدەستەوە دەگرێت و خەریکی پاککردنەوەی شووشەکە دەبێت.) ئنجا، خۆتان وتتان کە نیتانە تا هەقدەستی ئاغا ئەرسەلان بدەن.

کەتانچی: لە ڕاســـــتیدا ئەم وەرزە بازاڕ باش نەبوو. ئەم مانکەنە نوێیانەش تووشی مەسروفی زۆریان کردم.

ماندگار: بەڵام کۆنەکان هەموویان شکابوون.

کەتانچی: بەڵام ئەم نوێیانەش جۆرێکن. نازانم، بە بڕوای من زۆر هەرزەکارانەن، تۆش ئاوا بیرناکەیەوە؟

ماندگار: دەی مۆدێلی ئەمڕۆن ئیترا!

کەتانچی: بۆ مانکەنێکی پیاو، ڕوخســـــاریان زۆر ناســـــکە، سینگیشیان زۆر دەرپەڕیوە!

ماندگار : دەی بۆ ئەوەیە لەش و لاریان ڕێک دەرکەوێت.

کەتانچی: ئاخرزەمانە. خەتای خۆم بوو، متمانەمم بە ئەرسەلان کرد. ئەگەر بمدیتبایە نەمدەکڕین. ئنجا خۆیشت زیاتر حەزت لە کۆنەکان بوو! (ئاماژەیە بۆ مانکەنی لای پلیکانەکە دەکات.) بۆ نموونە ئەمەیان! بۆچی لە کۆڵت نەکردەوە؟

ماندگار: (بەخێرایی بۆ لای مانکەنەکە دێت.) ئەمەیان ساغە!

هەواڵنامەی کتێب

کەتانچی: بەلام ئێرە سەرە ڕێگەیە.

ماندگار: لەکاتی گونجاو دەیبەمە سەرەوە.

کەتانچی: سەرەوە؟ بۆ ژووری خەوەکەت؟

ماندگار: باوکە! مەبەستم بۆ کۆگاکە بوو.

کەتانچی: شەو کە هاتمەوە خۆم دەیبەمەوە سەرەوە. ئەوە ئیشی تۆ نییە.

ماندگار: باوکە من کچێکی منداڵ نیم. سیوپێنج ساڵم! (لەکاتێک لای مێزەکە دادەنیشێت چایەک بۆ خۆی تێدەکات.)

کەتانچی: تۆ هەرکاتێک بتەوێت من تووڕە بکەیت ئەم ژمارەیە دووبارە دەکەیتەوە.

ماندگار: تۆ بە بیستنی تەمەنی من تووڕە دەبی؟ دەی باشە! سیوپێنج، سیوپێنج، سیوپێنج، سیوپێنج ساڵمە، تەواو؟

هەواڵنامەی کتێب

(دەنگی زەنگۆڵەی دەرگاکە دێت، ئاغای ســــەرهەنگ دێتە ژوورەوە.)

سەرهەنگ: سلام علیکم، بە یارمەتیتان!

(کەتانچی بێدەنگ دەبێت، دەچێتە بەخێرهاتنی سەرهەنگ.)

کەتانچی: عەلەیکەسەلام، جەنابی سەرهەنگ! بەخێرهاتی.

ماندگار: سڵاو.

سەرهەنگ: بەهـ بەهـ ماندگار گیان چەند گەورە بووی.

ماندگار: هەڵبەتە جەنابی سەرهەنگ من ئیتر سی و..

کەتانچی: (قسـەکەی پێدەبڕێت) ئەوە باشـە ئێمە دراوسـێین و ســـاڵی جارێک ئێوە دەبینین؟ ها لەوەدا من جلوبەرگی پیاوانە دەفرۆشم.

سەرهەنگ: دەزانن کە خێزانەکەم شتم بۆ دەکڕێت!

کەتانچی: (لەکاتێک کە کورســـییەکەی بۆ دادەنێت.) بەڵێ دەزانم خاتوون ســـەلیقەیەکی باشـــیان هەیە. بەردەوام لە سەرەتای وەرز کە مۆدێلەکان دەگۆڕێن تەشریف دەهێنن.

(کەتانچی و سەرهەنگ دادەنیشن و ماندگار چای تێدەکات.)

کەتانچی: بەڕێککەوت ئەمجارە لەکاتی خۆیدا هاتن هەر ئێستا پاڵتاوە زستانییەکانیان بۆ هێناین، سەیریکیان بکە ئەگەر پەسندتان کرد پێشکەشتانی دەکەم. ماندگار گیان دانەیەکی بهێنن بۆ جەنابی سەرهەنگ.

ماندگار: (لەکاتێکدا دەستی لەسەرشانی مانکەنەکە دادەنا) ئەوەی بەرمانکەنەکە نموونەیەکە!

کەتانچی: (کۆخەیەک دەکات، ماندگار دەستی لادەبات) بەڵێ دەبینین ئەمە کاری بەرگدوورێکی کارامەیە.

سەرهەنگ: هەڵبەت جوانە، بەڵام کەمێک تەسک نییە؟

کەتانچی: (پێدەکەنێت) وایە بەڵام لە ڕاستیدا... دەزانن جەنابی سەرهەنگ ناچارین کەمێک چی پێدەڵێن؟

ماندگار: up to date

کەتانچی: ئا ئەوە، یانی بە دڵی گەنجەکان ڕابگەین. ئاخر دەزانن، ئەم ڕۆژانە بازاڕ زۆر باش نییە. منیش ناچاربووم

گۆڕانکـارییـەک لە مۆدێلی جلوبەرگەکـان و دیکۆری دوکانەکە بکەم بەڵکوو بازاڕم بکرێتەوە.

سـەرهەنگ: ئـامـاژەت بۆ خـاڵێکی بـاش کرد، دیکۆری دوکانەکە. ئەمە هەمان ئەو شـتایە لە کاتی نانخواردنی بەیانیی هاتم و ئێوەم ئیزعاج کرد.

کەتانچی: گیانەکم!

سەرهەنگ: هەڵبەتە ڕوونکردنەوەی ئەمە کەمێک ئەستەمە، چۆن بڵێم؟ دەزانن من موختـاری گـەڕەک و ئـەنـدامی ئـەنجوومـەنی دایکوبـابـانی قوتـابخـانـەم. ئەگەرچی خۆم منداڵم نییە بەڵام باش دەزانیت کە خەڵکی گەڕەک من بە کەسێکی جێ متمانەی خۆیان دەزانن.

کەتـانچی: هەڵبەتە، من یەکەم کەس بووم کە دەنگم بە ئێوەدا.

سـەرهەنگ: لە چاکەی خۆتانە، بەڵێ دەمویست بڵێم کە من بەپێی ئەرکـەکـەم دەبێت بەدەم داواکـارییەکـانی خـەڵکی گەڕەک بچم و.. چۆن بڵێم، خۆتـان بـاش دەزانن ئـاغـای کەتـانچی ڕۆژگـارەکە زۆر خراپ بووە، گەنجەکـان ئیتر

گرنگی بە ئەدەب و بە ڕەوشـــت نادەن. من وابیردەکەمەوە ئـەمـە تـاوانی ئێمـەیـە. ئێمە دەبێت گرنگییـەکی زیـاتر بە پەروەردەیان بدەین.

کەتانچی: من یەکێکم لە لایەنگرە توندەکانی پـەروەردە و فێرکردنی گەنجـان، ئێوە خۆتـان دەزانن من تـاقەکچەکەم، ماندگارەکەم چۆن گەورە کردووە.

ســـەرهەنگ: هەڵبەتە هەڵبەتە! ڕاســـتییەکەی هەرگیز کەس ماندگار گیانی لە گەڕەک نەدیوە. ئێوە بە ڕاســـتی ئەوتان نـەجیب و خـانم پـەروەردە کردووە، هـەر لـەبـەر ئـەمـەش خەڵکی گەڕەک هاتوونەتە لام تاوەکوو لە پەروەردەکردنی گەنجەکانیان یارمەتیت لێ وەرگرم.

ماندگار: بۆچی ناچیتە ســـەر بابەتە ســـەرەکییەکە جەنابی ســـــەرهەنـگ؟ ئێوە گوتتـان لەبـارەی دیکۆری دوکـان دەتانەوێت شتێک بڵێن؟

ســـەرهەنگ: بەڵێ، لە ڕاســـتیدا قســـە لەســـەر قوتابخانەی کچانی سەر کۆڵانەکەیە.

کەتانچی: قوتابخانەی فیردەوس؟ ماندگاری منیش لەهەمان قوتابخانە خوێندوویەتی.

ماندگار: بەڵێ، ئایا دەزانن خانمی خاوەری هێشـــتا لەوێیە یان نا؟ یادی بەخێر چەنێک دەلینگی شـــەرواڵی کچەکانی.. (بە دەسـت ئاماژە بۆ دڕاندن دەکات) دەیوت تەسـکە، ئاخر ئەو کاتە دەلینگی بۆڕی مۆدێل بوو.

کەتانچی: ماندگار گیان بۆچی ناچی بە لای ئیشـوکارتەوە؟ ســـەرهەنگ هاتووە لەبارەی بابەتێکی گرنگ قســـە بکات (ئاماژە بۆ ماندگار دەکات بێدەنگ بێت.)

مـانـدگـار: بەڵێ بەچـاوان! (موعـجیزەکـە هەڵـدەگرێـت و سەرقاڵ دەبێت.)

سەرهەنگ: ئنجا هەر ئەم خانمی خاوەرییە بە نوێنەرایەتی قوتـابخـانە لەگەڵ کۆمەڵێـک دایبـاب هـاتوون بۆ لای من (وچـانێک دەدات) لـە ڕاســـتیدا ســـکاڵایان لـە دیکۆری دوکانەکەی ئێوە هەبوو.

ماندگار: هێشـتاش هەر ماوە؟ دەبێت تەمەنی پەنجا ساڵێک بێت، چ دەوێـت لـە دیکۆری دوکـانـەکـەی ئێمە؟ نە مێردی

هەیە، نە کوڕ، لەوانەیە پانتۆڵی مانکنەکان زۆر تەسک بێت. (ماندگار بە دەنگێکی بەرز دەست دەکات بە پێکەنین.)

کەتانچی: ماندگار!

ماندگار: ببورن، بەڵێن دەدەم ئیتر بێدەنگ بم.

سەرهەنگ: هەڵبەت لە خۆڕا وا ناڵێن، منیش سەرەتا پێکەنینم دەهات، بەڵام کاتێک ڕوونکردنەوەی بەڕێوبەری قوتابخانەم بیست، بەخۆمم گوت ئێمە چەند خەمساردین بەرانبەر چواردەورمان و ئنجا چاوەڕێین گەنجەکانمان باش هەڵکەون.

کەتانچی: ئیتر کەم کەم خەریکە نیگەرانم دەکەن دەکرێت ڕاستەوخۆ و ڕوون بڵێن دیکۆری دوکانەکەی من چ پەیوەندییەکی بە قوتابخانەی ناوەندی کچانەی فردەوسەوە هەیە؟

سەرهەنگ: ئاغای کەتانچی ئازیز، ئێوە بەدڵنیاییەوە دەزانن کە ئەمڕۆ لەنێو مێردمنداڵاندا بەکارهێنانی کۆمپیۆتەر و ئینتەرنێت و سەیرکردنی فیلمی نەگونجاو بۆتە مۆدیل.

هەواڵنامەی کتێب

ماندگار: ئنجا ئێمە هێشــتا کۆمپیۆتەرمان نییە باوکە گیان!
(وچـانێکی کورت) ئـەگـەر هـەمـانبوایـە نـاچـار نـەبووم کاتژمێرێک بەدوای وشەیەک لە کۆمپیۆتەردا بگەڕێم.

ســـەرهەنگ: لـەوەی کـە ئـەمـانـە کـەڵکیـان هـەبووە بۆ پێشکەوتنی زانست گومانی تێدا نییە، بەڵام...

کەتانچی: بەڵام چی؟

سەرهەنگ: (لەسەرخۆ) ئەم شتانە بووەتە هۆکاریی ئەوەی تەمەنی باڵخ بوون بێتە خوارەوە!

(ماندگار گوێ قوڵاخ دەبێت تا ببیستێت)

کەتانچی: ئای خوایە چەند دڵخۆشـم نەمهێشـتووە ماندگار کۆمپیۆتەر بکڕێت!

ســـەرهەنگ: ئێوە دەزانن کچەکان لە تەمەنی باڵغ بوون چییان لێدێت؟

کەتانچی: نە؟ چییان لێدێت؟

سەرهەنگ: دەی ئەوان هەستیار دەبن.

کەتانچی: سەبارەت بەچی؟

ســـەرهەنگ: دەی ســـەبارەت بە.. (دەنگی بەرز دەکاتەوە) ئاغای کەتانچی ئەوە چ پرســـیارێکە تۆ لە منی دەکەی؟ با ئـاســـودەتـان بکەم، بینراوە لەو کـاتەی ئێوە مـانکـەنە نوێیەکانتان هێناوە، کچەکانی قوتابخانەی فیردەوس بە ســـەعات بەرانبەر دوکانەکەی ئێوە ڕادەوەســـتن و لەگەڵ یەک پچەپچیانە و پێدەکەنن، ئەمەش جێگای شەرمەزارییە بۆ ئەم گەڕەکە دێرینە!

کەتانچی: (بە سەرسووڕمانەوە) بەڵام بۆچی وا دەکەن؟

سەرهەنگ: خانمی خاوەری دەیوت ئەم مانکنە نوێیانە زیاد لەڕادە لەش و لاریان ڕێکە و ئەو جلانەش ئێوە لەبەرتان کردوون زۆر تەسکە!

ماندگار: (لەکاتێکدا دیســـانەوە زۆرتر لە قاقای پێکەنین دەدا) ئەها وتم!

کەتانچی: (بە توڕەییەوە) ماندگار گیان تکایە برۆ ســەرەوە و خەریکی چێشت لێنانەکەت بە.

ماندگار: بەچاوان! (بە پلیکانەکاندا سەر دەکەوێ، بەڵام لای ستوونەکە ڕادەوەستێت.)

کەتانچی: ئای خوایە چ ئابڕووچوونێکە! ئێســـتا دەبێت چی بکەین؟

سەرهەنگ: ئاشکرایە، دەبێت مانکەنەکان هەڵبگرن؟

کەتانچی: ئەگەر خەڵک نەزانن کچەکانیان پەروەردە بدەن ئەوا دەبێت من باجەکەی بدەم؟ جەنابی ســـەرهەنگ من کۆڵی پارەم داوە بۆ ئەوانە.

سەرهەنگ: ڕێگەچارەیەکی تر نییە ؟

کەتانچی: ئێوە وتتان جلەکانیان زۆر تەسکە وایە؟

سەرهەنگ: من کە نا، خانمی خاوەری وای دەوت؟

کەتانچی: ئەگەر من چاکەتە زســـتانییەکانیان لەبەر بکەم چی؟

ســـەرهەنگ: ئاغای کەتانچی گریمان ئێســـتا وات کرد، بۆ هاوین و بەهار چی دەکەی؟

هەموو ئامەی کتێب

کەتانچی: تا ئەوکات، پارەیەک دێتە دەســـتم و مانکەنەکان دەگۆڕم، تکادەکەم جەنابی ســـەرهەنگ دوکانی جلوبەرگ فرۆشی بەبێ مانکەن دەبێت؟

ســـەرهەنـگ: چی بڵێم ئـاغـای کەتـانچی بـاوەڕ نـاکەم ئەنجومەن قبوڵی بکەن؟

کەتـانچی: ئێوە دەتوانن ڕازیـان بکەین، تکـایـە مۆڵەتم بۆ دانێن.

سـەرهەنگ: من؟ لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە قسـەدەکەم، بەڵام هیوای لەسەر هەڵمەچنە! (هەڵدەستێت.)

کەتانچی: سوپاستان دەکەم! هەر ئەمشەو جلی مانکەنەکان دەگۆڕم.

ســـەرهەنگ: (لەکاتی ڕۆیشـــتن) هەوڵی خۆم دەدەم بەڵام ئێوەش دەبێـت بەڵێن بـدەن هەر بڕیـارێـک کە ئەنجومەن دەری کرد، جێبەجێی بکەن.

کەتانچی: دڵنیابە جەنابی سەرهەنگ!

هەواڵنامەی کتێب

(سەرهەنگ دەڕوات دەنگی زەنگۆڵەکان لەپاش ئەو دەبیستریێت. ماندگار بەخێرایی دێتە خوارەوە.)

ماندگار: ئێستا دەتانەوێت چی بکەن باوکە؟

کەتانچی: وابزانم باشترە بڕۆمە دوای ئەرسەلان، لەوانەشە باشتربێت تەلەفۆنی بۆ بکەم. (تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت) بەڵام نا دەبێت بڕۆم بۆ لای ( چاکەتەکەی لەبەر دەکات، سەری گێژ دەخوات، خۆی دەکێشێت بە مانکەنی تەنیشت مێزەکە، لەپڕێکدا ڕوو دەکاتە ماندگار.) ئەی هاوار ماندگار!

ماندگار: باوکە گیان! وەزعتان باشە؟حەبەکانت خواردوە؟

کەتانچی: (دادەنیشێت) لەبیرمە یەکەم ڕۆژ کە ماڵمان گواستەوە ئێرە، تۆ دەستی منت بەردا و ڕاتکردە نێو شووشەی دیکۆرەکە، نازانم چۆن زانیت بڕۆیتە ناویەوە.

ماندگار: (هەڵدەستێت و بەرەو لای دیکۆرەکە دڕوات. وەک ئەوەی بیری بێتەوە) ئەوکات هێشتا هیچ مانکەنێک لەناو دیکۆرەکەدا نەبوو. جلەکان هەروا بە دەرزی هەڵواسرابوون بە فلینەکانی پشت شووشەکە، تازە مانگێک بوو دایکم مردبوو. من کچێکی بچوک بووم، بڕوام بە مردنی دایکم

هەواڵنامەی کتێب

نەبوو. بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر بڕۆمە ناو شووشەی دیکۆرەکە یەکەم کەسم هاتنی دایکم دەبینم.

کەتانچی: لەوکات بەدواوە ئەوێ بووە شوێنی یاریکردنی تۆ، تەواوی ڕۆژەکەت لەوێ لەگەڵ بووکەڵەکان بەڕێ دەکرد، شەوان بە شەڕ دەمبردیە سەر جێگاکەت، موشتەرییەکان هەندێکجار وایان دەزانی لێرەش بووکەڵە دەفرۆشین. هیچ کات بووکەڵەکانت لەخۆت دوور نەدەخستەوە، تا ئەو کاتەی یەکەم مانکەنمان کڕی. لەوکاتەدا بوو ئیتر دەستبەرداری بووکەڵەکانت بووی.

ماندگار: (لە کاتی گەڕانەوەیدا هاتووەتە لای مانکەنی تەنیشت پلیکانەکە. چاکەتی مانکەنەکە ڕێک دەخات). ئاغای پیچازیت کڕی. ئەو ڕۆژەی چوومە نێو شووشەی دیکۆرەکە بینیم بووکەڵەیەکی گەورە و جوان لەوێیە، لە تەنیشتییەوە ڕاوەستام، دەستی وا ڕاگرتبوو (وەک مانکەنەکە دەستی ڕادەگرێت) من دەستم خستە نێو دەستییەوە و هەوڵمدا وەک ئەو سەیری دەرەوە بکەم.

کەتانچی: ئەو دەم، ئەمە باشترین مانکەن بوو لەنێو بازاڕدا.

ماندگار: هێشتایش هەر وایە.

کەتانچی: نابێت لێ گەڕێم ئەو ئابڕووەی بەم سـێ سـاڵە کۆم کردووەتەوە هەروا بە فیڕۆ بچێت. هەمووی سووچی ئەم ئەرسـەلانەیە. ئەو ئەم نانەی نایە چاکی من (لە کاتی ڕۆیشـتندا) تەنیا خۆیشـی دەتوانێت ئەم گرێکوێرەیە بکاتەوە. نابێت بهێڵم مانکەنەکان لێرە ببەن. ئەگینا هەمووان وا دەزانن ئێمە لێرە کەتنێک، هەڵەیەک شـتێکمان کردووە. (دەڕوات. دەنگی زەنگۆڵەی دەرگاکە بەر گوێ دەکەوێت).

ماندگار: مانکەنەکان ببەن؟ ئای خوایە گیان ئاغای پیچازی! دەبێت لێرە بڕۆین. (بەرەو لای مانکەنی ئاغای پیچازی دەڕوات و بە ئەسـتەم هەوڵدەدات لە پلیکانەکان سـەری بخات).

***

## دیمەنی دووەم:

(مانکەنەکانیان لە دیکۆرەکەوە گواستووەتەوە ناوەڕاستی دوکانەکە، هەموویان ڕووتن. ئەرسەلان و کەتانچی بە چواردەوریان دەسووڕێنەوە و دەوروپشتیشیان پڕە لەو جلکانەی لەبەر مانکەنەکانیان داکەندووە.)

کەتانچی: دەبێت بە جۆرێک جلیان لەبەر بکەین هیچ شوێنێکیان دیار نەبێت.

ئەرسەلان: (ئەرسەلان ئاغای کەتانچی بە ئاغای کەتانچی بانگ دەکات و ئەمە بنێشتە خۆشەی سەر زاریەتی.) بەڵام ئاغای کەتانچی ئەمانە خۆ هیچیان نییە.

کەتانچی: نا مەبەستم ئەوەیە کە... جۆرێک بن کە ئاسایی دەرکەون، ئیتر کەشخە نەبن. من نازانم، خۆت تێکت داوە دەبێت خۆشت چاکی بکەیەوە. (چاکەتێک هەڵدەگرێت و لەبەر مانکەنێکی دەکات.) ئەمە چۆنە؟ (دەچێتە دواوە کەمێک سەیری دەکات. ملپێچەکەی لە ملی خۆی دەکاتەوە

بە دەوری سـەر و ڕوخسـاری مانکەنەکە دەئاڵێنێت.) ئەها ئاوا باشە.

ئەرســـەلان: ئـاغـای کەتـانچی، بۆ ئێرە دوکـانی ملپێچ فرۆشــتنە؟ ئێوە مۆڵەت بدەن. من خۆم دەزانم چی ئەکەم. لەگەڵ خۆم جلم هێنـاوە. (زنجیری جـانتـایەکی گەورە دەکاتەوە.) ئەوەتان! چەند دەســـت جلی وەهام هەیە. هەرکات تووشی کێشەیەکی بەمشێوەیە دەبم سوودیان لێ وەردەگرم.

کەتانچی: ڕاوەســـتە بزانم چاوم دەرهاتووە، تۆ دەتزانی لەوانەیە تووشی کێشە ببین و هیچیشت نەوتووە؟ وایە؟

ئەرسـەلان: نەبابە لە کوێ بمزانیبا؟ ئەم کێشـەیە زۆرجار بۆ فرۆشـگا حکومییەکان و ئەم جۆرە شـوێنانە دێتە پێش، تا ئێسـتا لە دوکانێکی تایبەتی، کێشـەی وام نەدیوە ئاغای کەتانچی. (جلەکانی دەرهێنا کە پێکهاتبوون لە کڵاوێکی چنراوی زســـتانە و ڕیکۆتی درێژی مۆدێلی پەنجا ســـاڵ پێش. ئەوانی لەبەر مانکنەکان کرد.)

کەتانچی: ئەوە چییە؟ ئەم ڕیکۆتە باوکم لەتەمەنی گەنجی لەبەری دەکرد. کڵاوی چنراویان لەسەر دەکەی؟ بەم جۆرە لەبری کچە بچووکەکانی قوتابخانەکە، هەموو خەڵکی گەڕەک لە پێش دوکانەکە کۆدەبنەوە و قاقا پێمان پێدەکەنن.

ئەرسەلان: ئاغای کەتانچی: ئێوە تەنیا دەبێت سەرهەنگ ڕازی بکەن، پاشان کە قاڵ و هەرایەکە نەما، خۆم دووبارە دەیانکەمەوە تۆم کروز.

کەتانچی: ئەمەی باسی دەکەی کێیە؟ پێی ئەم تاوانبارانەت بۆ دووکانەکەی من کردەوە، بۆیە حاڵم وایە.

ئەرسەلان: ئەی بابە خۆ لێ ناگەڕێ! (سەرقاڵی ئیشی خۆی دەبێت.)

(سەرهەنگ بە نیگەرانییەوە هاتە ژوورەوە.)

سەرهەنگ: ئاغای کەتانچی! (چاوی بەو مانکەنە دەکەوێت کە جلی لەبەرکراوە، لەبەردەمیدا دەحەپەسێت و لەناکاو لە پرمەی گریان دەدات)

ئەرسەلان: چی بووە جەنابی سەرهەنگ؟

سەرهەنگ: ساتێک باوکی خوالێخۆشبووم بیرکەوتەوە.

کەتانچی: خودا لێی خۆشبێت.

سەرهەنگ: خوا لە مردووی ئێوەش خۆشبێت، لێرە چ باسە؟

کەتانچی: بەپێی فەرمایشتی جەنابت دەمانەوێت مانکەنەکان داپۆشین.

سەرهەنگ: ئاغای کەتانچی لە قوتابخانەوە پەیوەندیان پێکردم بۆ کۆبوونەوەیەکی گرنگ! بەڕێوەبەری قوتابخانە زۆر توڕەبوو. هاتووم بە دواتدا تا بە یەکەوە بڕۆینە ئەوێ، تاوەکوو گەر بەرگرییەکتان لە خۆتان پێ دەکرێت لەوێ بیکەن.

کەتانچی: بەرگری لە چی؟

سەرهەنگ: لە ئابڕووتان، لە دوکانەکەتان، نازانم لەهەر چییەک کە بۆت گرنگە.

کەتانچی: بەڕێوەبەری قوتابخانەکە نەیگوت بۆ ئەوەندە توڕەیە؟

سەرهەنگ: بەداخەوە وەک باس دەکرێت خانمی خاوەری کچی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی لەکاتێکدا گرتووە کە خەریکبووە وێنەی نەشیاوی پیشانی هاوپۆلەکانی داوە (وچانێکی کورت) ناپرسی چ وێنەیەک؟ وێنەی کچی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەگەڵ مانکەنەکانی ئێوە!

کەتانچی: وای کارەساتە!

سەرهەنگ: ئیتر باوەڕناکەم شتەکە چارەسەر بکرێت.

ئەرسەلان: من بیرۆکەیەکم بە مێشکدا هات.

کەتانچی: چی بە مێشکتدا هات، زوو بیڵێ.

ئەرسەلان: مەگەر ئەوان ڕەسم و وێنەی نەشیاوی دوکانەکەی ئاغای کەتانچیان نییە؟

کەتانچی: ئەرسەلان چی دەڵێی؟

ئەرسەلان: مەبەستم هەمان وێنەی کچی بەڕێوبەرە و...

سەرهەنگ: باش ئینجا چی؟

ئەرسەلان: باش ئێمەش وێنەی شیاویان بۆ دەبەین.

کەتانچی: وێنەی شیاو چییە؟

ئەرسەلان: وێنەی شیاو؟ وێنەی شیاو واتە ئەم مانکەنانەی جلی ڕێکیـان لەبەردایە، ڕێـک و پێـک بوون، ئەوانە ئیتر! (مۆبایلەکەی دەردەهێنێـت و وێنەی ئەو مانکەنانە دەگرێت جلیان لەبەرکراوە.) ئنجا ئێوەش لە تەنیشتیانەوە بوەستن.

سەرهەنگ: ئێمە بۆچی؟

ئەرســـەلان: دواتر لەکوێ بزانن ئەو مانکەنانە هی دوکانی ئاغای کەتانچییە؟

کەتانچی: ئافەرم! لە کۆتاییدا مێشـــکت بەکارهێنا، ئەمانە پیشـــانی بەڕێوەبەری قوتـابخـانـەکـە دەدەین تـا بزانێت مانکەنەکان گۆڕاون. وەرە جەنابی ســـەرهەنگ تۆمان زۆر خســـتە زەحمەتەوە...(مانکەنە ڕووتەکان پیشـــان دەدات.) ئەرسەلان ئاگاداربە وێنەی ئەمانە نەگری، بەدبەختم کەی.

ئەرسەلان: نا ئاغای کەتانچی، ئاگام لێیە.

(ئەو وێنەی ئەرســـەلان و ســـەرهەنگ کە لەهەردوو لای مانکەنە پۆشـــتەکە وەســـتاون بە شـــێوازی جیاواز وێنە دەگرێت، لەم کاتەدا هەمان ئەو مۆسیقا شادەی سەرەتای شانۆنامەکە دەبیسترێت و لە کۆتاییشدا سێلفییەکی خۆی و مانکەنەکە دەگرێت لەو کاتەدا کە دەســـتی خســـتووەتە ملی.)

***

## دیمەنی سێیەم

(ڕووناکییەکە دادەگیرســـێت. ماندگار بە هێواشـــی لە پلیکانەکان دێتەخوارەوە. خاو و خەمبارە.)

ماندگار: باوکە! ئێوە لەکوێن؟ (ســـەیری مانکەنەکان و جلوبەرگە پەرشـــوبڵاوەکانی ســـەر زەوییەکە دەکات.) لێرە چی ڕوویداوە؟

(سەری گێژ دەخوات و لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت.)

(دەنگی زەنگۆڵەکـان دێـت و خـانمی ســـەرهەنـگ دێتە ژوورەوە.)

خانم سەرهەنگ: ماندگار، ئازیزم، سڵاو!

(ماندگار هێشتا لەسەر کورسییەکە دانیشتووە.)

ماندگار: خانمی ســەرهەنگ؟ (مانکەنەکانی پیشــان دەدات) ســـــەیری ئەوانە بکـەن. (پێدەکەنێت) جلیان لەبەردا نییە. بـاوکم ئەگەر لێرەبوایـە بەدڵنیـاییەوە هـاواری بەســـــەردا دەکردم. دەڵێت کچ نابێت ســــەیری مانکەنی ڕووت بکات. (پێدەکەنێت) ئێوە باوکمتان نەدیوە؟

(خانمی سەرهەنگ بۆ لای ئەو دەڕوات.)

خانم ســـەرهەنگ: بەڵێ بینیم لەگەڵ هاوســـەرەکەم پێکەوە ڕۆیشـــــتن بۆ ئەنجومەنی بـاوکودایکان داوای لێکردم بێم بۆی لای تۆ. باشی؟

مـانـدگـار: من؟ بۆ گرنگـە؟ کێ لەحـاڵی من دەپرســـێ؟ مـاندگاری کەتـانچی، کچێکی شـــەرمن و خـانمی ئـاغـای

کەتـانچی. ســـــالآنێکە کەس ئەوی لەگەڕەک نەدیوە. ئەو سالآنێکە مردووە.

خێزانەکەی ســــەرهەنگ: ئای خوایە (دەســــتی لەســــەر نێوچەوانی ماندگار دادەنێت) تۆ تات لێیە، وڕێنە دەکەی.

ماندگار: وڕێنە! (قاقا پێدەکەنێت) ڕێک لەوکاتەی گرنگترین قســــەکانی ژیانم دەکەم، هەمووان وادەزانن وڕێنە دەکەم. لەبیرمە ڕۆژێک لە باوکمم پرســــی: "باوکە، پیاوەکان بە هەمان شێوە ژنەکانیان خۆشدەوێت کە ژنەکان پیاوەکانیان خۆشــــدەوێ؟" چەند دەقەیەک تەماشــــای کردم و گوتی: "وڕێنە دەکەی کچێ!" (پێدەکەنێت) بەلآم کەســــێک هەیە هەمیشە گوێ بۆ قسەکانم ڕادەگرێت!

خانم سەرهەنگ: کێ؟

ماندگار: تۆ دەزانی کێ دەڵێم.

(هەردووکیان پێکەوە دەڵێن:) ئاغای پیچیازی! (پێدەکەنن)

خانمی ســــەرهەنگ: لەحاڵت تێدەگەم بەســــتەزمان! منیش هەندێکجار کە بەتەنیام لەگەڵ ئینجانەکان قسـە دەکەم. یان لەگەڵ ئەو دەموچاوانەی لەسەر شتەکان دەیانچنم

ماندگار: ئەدی سەرهەنگ؟

خانم ســــەرهەنگ: من و ئەو ســـــاڵانێکە تەنیا دەربارەی جێگـای ڕۆژنـامە و کـاتی نـانی نیوەڕۆ و خەتی ئوتوی جلکەکانی سەرهەنگ قسە دەکەین.

ماندگار: بەڵام ئاغای پیچیازی لەگەڵ دەموچاوی ســــەر چنینەکانی تۆ جیاوازە. ئەو وڵامم دەداتەوە.

خانم ســـەرهەنگ: ئاگاداربە ئەو قســـانە لای کەســـی دیکە نەکەی ئەگینا دەتبەنە شێتخانە.

ماندگار: (بە نیگەرانییەوە هەڵدەســــتێت) ئەوان دەیانەوێت ئاغای پیچیازی لێرە ببەن، دەبێت بیشارمەوە.

خانم سەرهەنگ: کێ دەیەوێت بیبات؟

ماندگار: خانمی خاوەری، جەنابی ســـــەرهەنگ، باوکم، ئەرسەلان، کچەکانی قوتابخانە (دەیەوێت هەڵسێت لەهۆش دەچێت و سەری دەکەوێتە سەر مێزەکە.)

خانم ســـەرهەنگ: ماندگار! ئای خوایە، دەبێت بانگی دکتۆر بکەم.

(دەچێتە دەرەوە. ڕووناکییەکە دەکوژێتەوە).

❊❊❊

## دیمەنی چوارەم

(لەناو دوکانەکە چەند مێز و کورسییەک دانراوە کە لەسەر ئەوانە پەرداخی شـــەربەت ومیوە و شـــیرنەمەنی دانراوە. دەنگی مۆسیقایەکی ئارام دێت. ماندگار، خانم سەرهەنگ و ئەو دوو کچە منداڵەی کە لە ســـــەرەتای دیمەنی یەکەم

بینران جلی میوانیــان لەبەرکردووە، هەریەکەیــان لە چواردەوری مێزێک دانیشــتون. لە کورســییەکەی بەرانبەر خانمی ســەرهەنگ و کچەکان مانکەنەکان دانراون و ئەگەر بشـــێت پەرداخێکیان بەدەســـتەوەیە. خانمی ســـەرهەنگ خەریکی چنینە و بەردەوام پیشـــانی مانکەنەکەی دەدات و کچە منداڵەکان بەردەوام لەگەڵ مانکەنەکان قســـەدەکەن و پێــدەکەنن و بە موبــایلەکــانیــان بەردەوام وێنە دەگرن. دەنگیـان نزمە و لـە پچـەپچ ئـەچێت. بـەڵام لـە مێزەکـەی ناوەڕاست ماندگار بە جلی میوانییەوە خەوی لێکەوتووە لە بەرانبەریدا ئەکتەرێکی ڕاســـتەقینە ڕۆڵی ئاغای پیچیازی دەگێڕێت. ڕووناکی دیمەنەکە کەمە و تەنیا ڕووناکی مێزی ماندگار زۆرە. ئاغای پیچیازی لە ڕووناکییەکی لاوەکی تر لەسەر پلیکانەکان بەرەو لای مێزەی ماندگار دێت.)

ئاغای پیچیازی: (لەســـەر ســـەری ماندگار ڕادەوەســـتێت وچەنـد جـارێک بـە مێزەکەدا دەکێشـــێت.) لـەیدی مـانی دەکرێت چەند ساتێک لە پاڵتەوە دابنیشم.

ماندگار: (ســـەری هەڵدەبڕێت) ئاغای پیچیازی! بۆ ئەوەندە دواکەوتی؟ دەزانی چەند لەمێژە چاوەڕێتم. لەماندوویەتیدا خەوم لێکەوت.

ئاغای پیچیازی: (دادەنیشێت) هەرچییەک بڵێی هەقی خۆتە. بەڵام قبوڵی بکە بۆ میوانییەکی ئـاوەهـا کـاتی زۆ دەوێت. ئازیزم.

ماندگار: بە ڕای من تۆ بە هەر جلێکەوە جوان دەردەکەوی.

ئاغای پیچیازی: تۆ هـەمیشـــــە بـەرانبـەر من لوتفت هـەیـە لەیدی مانی!

ماندگار: (بە پەرۆش و خۆشـــییەوە) لەیدی مانی! کەس بە جوانی تۆ ناوی من نابات.

ئــاغــای پیچیــازی: (خواردنەوەیەکی بۆ تێــدەکــات) هیچ کەسێکیش وەکو تۆ بە جوانی جل بۆ من هەڵنابژێرێت.

ماندگار: وانییە. یەکەم جار کە تۆم بینی خۆ من جلوبەرگی تۆم هەڵنەبژاردبوو، بەڵام لە هەمیشـــە ســـەرنجڕاکێشـــتر بووی.

ئاغای پیچیازی: ئەوکات کراسەکانی پیچیازی بە مۆدێلی یەخە ڕەق باوبوون.

ماندگار: هەر لەو کاتەوە ناوت نرا ئاغای پیچیازی.

ئاغای پیچیازی: دەبێت من سوپاسی تۆ بکەم.

ماندگار: بۆچی؟

ئاغای پیچیازی: (بە پەرداخە خواردنەوەکەی دەستی هەڵدەستێت) یەکەمجار کە سەرت خستە سەرشانم لەبیرتە؟

ماندگار: (هەڵدەستێت و لەتەنیشتی ڕادەوەستێت) چۆن دەکرێت بیرم بچێ؟ شەو بوو، خەوم نەدەهات، عاشقی هێمفری بوگارت بووم. فیلمی شاهینی ماڵتم خستبووە سەر، بۆ سەدەمین جار! ئەو کچە ئەکتەرەی بەرانبەر بوگارت بە قژە لولەزەردەکەیەوە بەردەوام بە چواردەوری ژوورەکەدا دەسوڕایەوە هەردەم بەبێ هۆکار شتەکانی ژوورەکەی دەگواستەوە، بوگارتیش دوای دەکەوت.

(ماندگار وەک کچەکە بە چواردەوری ژوورەکە دەسووڕێتەوە، ئاغای پیچیازیش وەکو بولگارت بەدوایدا دەچێت و شتەکانی لێ وەردەگرێت.)

ماندگار: هەنگاو بە هەنگاو، پاشان لەپڕێک لێی پرسی تاکەی دەتەوێت شتەکانی ژوورەکە جێگۆڕکێ پێ بکەی؟ ئەوکاتە کچەکە سەری لەسەر شانی بولگارت دانا (وچانێکی درێژ) ڕوخسارم تەڕ بوو بە فرمێسک، وەک هەمیشە، وەک هەمیشە فلیمەکەم ڕاگرت، سەیری دەورووبەرم کرد، بەتەنیا بووم لەسەر تەختەکە هاتمە خوارەوە قادرمەکانم دوو دوو دەبڕی، تا گەیشتمە دیکۆرەکە، تۆ لەوێ بووی ڕێک وەکوو ئەو هاتمە تەنیشتت سەرم خستە و سەرشانت و گریام.

ئاغای پیچیازی: من هەر ئەو ڕۆژە لەدایک بووم، ئەگینا هێشتا وەکوو ئەوانە بووم، سەیریان بکە. (مانکەنەکانی چواردەوری پیشان دەدات.) سوپاست دەکەم.

ماندگار: نا! من دەبێ سوپاست بکەم، ئەگەر تۆ نەبای تائێستا شێت دەبووم، وەکو خانمی خاوەری، خانم سەرهەنگ، یان ئەو کچە بچوکانە، سەیریان بکە!

(لەپڕێک هەردووکیان پێدەکەنن)

ئاغای پیچیازی: بەڵام ئەگەر ئەوان بزانن شەیدای مانکەنێک بووی، بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێن شێت!

ماندگار: کێ دەتوانێ بڵێ کێ شێتە و، کێ ئاقڵ؟

ئاغای پیچیازی: خەڵکی دەڵێن ئەوەی لەنێو واقیعدا بژێت ئاقڵە، ئەوەشی لەنێو خەوندا بژی شێتە!

ماندگار: ئەگەر مەبەستت لە واقیع، ژیانی خانم خاوەرییە کە بووەتە مۆتەکەی کچانی قوتابخانە، یان خانم سەرهەنگ کە لەگەڵ هەبوونی هاوسەر هێشتا لەگەڵ دەموچاوەکانی نێو چنینەکانی قسە دەکات، ئەوا پێم باشە هەر لەنێو ئەم خەونەدا بمێنمەوە.

ئاغای پیچیازی: پێموایە واقیعی جوانیش هەیە، من جاروبار لە پشت شووشەکەوە دەیانبینم. ماندگار: (دەستەکانی لە دوورەوە لەسەر ڕوخسار و جلەکانی پیچازی دەخشێنێت.) بەڵێ لە پشت شووشەکانەوە! ئەوان تەنیا لەپشت شووشەکەوەن. من هەرگیز نەمتوانیوە لەنزیکەوە دەستیان لێ بخشێنم.

ئاغای پیچیازی: ئەگەر نەتوانی لەنێو واقیعدا بژی ناچاری بۆ هەمیشە لەنێو خەونەکانتدا بژی.

ماندگار: تۆ خەون نیت!

ئاغای پیچیازی: مانی ئازیزەکەم، من نیگەرانی تۆم.

ماندگار: شتێک بووە؟

ئاغای پیچیازی: ئەگەر من لێرە بڕۆم تۆ چی دەکەی؟

ماندگار: تۆ ناتوانی من بە تەنیا جێبهێڵی؟

ئاغای پیچیازی: من نامەوێ بۆ هیچ شـــوێنێک بڕۆم بەڵام ئەوان من لێرە دەبەن، خۆشت ئەوە دەزانی.

ماندگار: بۆ کوێ دەڕۆی؟

ئاغای پیچیازی: بۆ هیچ شــوێنێک ناڕۆم، من تەنیا دەتوانم لە خەیاڵی تۆدا زیندوو بم ئەگەر لێرە بمبەن، ئەوا دەمرم!

ماندگار: (دەقیژێنێت)نا!

ئــاغــای پیچیــازی: نیگــەران مەبە ئــازیزم، ڕەنگــە بتوانین چارەیەک بدۆزینەوە. لەوانەیە بکرێت بەبێ ئەم مانکەنە پلاســـــتیکییە کۆنەیش بۆ هەمیشـــــە لە زەینی تۆدا بــە زیندوویی بمێنمەوە، تۆ دەتوانی وانییە؟

ماندگار: (لەکاتێکدا کە دەگریەت) نا، ناتوانم! ئەو مانکەنە پلاستیکییە کۆنە بۆ من سیمبولی جەستەی تۆیە، تۆ بۆ هەمیشە لە زەینی مندا دەژیت، بەلام ئەگەر مانکەنی تۆ لێرە ببەن هەست دەکەم دەچیتە سەفەرێکی دوور و بڕیار نییە هەرگیز بگەڕێیتەوە. بەم شێوەیەش من بۆ هەمیشە تەنیا دەکەوم وەکو ئەوکاتەی دایکم مرد، بەم شێوەیە منیش دەمرم!

ئاغای پیچیازی: (لەکاتێکدا هەوڵدەدات ئارامی بکاتەوە) نا ، نا، ئارامبە.

(ڕووناکییەکە دەکوژێتەوە)

***

**دیمەنی پێنجەم:**

(ئاغای کەتانچی و ئەرسەلان لەنێو دوکانەکەدا پیاسە دەکەن. مانکەنەکان بە هەمان شێوەی دیمەنی دووەمن، لە

کاتی پیاسەکردندا گوێیان لە هاواری ماندگار دەبێت، هەردووکیان بەرەو قادرمەکان دەڕۆن.)

ئاغای کەتانچی: چی بووە؟ خانمی سەرهەنگ! ماندگار باشە؟

خانمی سەرهەنگ: (لەکاتێکدا لەسەر کادرمەکان دێتە خوارەوە.) چما مۆتەکەی دیوە.

ئەرسەلان: بەڵام دوایین جار بینم حاڵی باش بوو، چی بوو، چی ڕوویدا لەپڕێکا؟

خانم سەرهەنگ: دکتۆر وتی تووشی شۆکێکی دەروونی بووە.

کەتانچی: کچەکەم نیگەرانە وەکو من! حاڵی من لەو باشتر نییە.

خانمی سەرهەنگ: بەڵام دکتۆر گوتی بارودۆخی زۆر لەوە خراپترە کە دیارە.

کەتانچی: دەتانەوێت چی بڵێن؟

خانمی سەرهەنگ: هەرچییەک بڵێین تازە درەنگە.

(دەنگی زەنگۆڵەی دەرگـاکە هـات و ســــەرهەنـگ هـاتە ژورەوە، کەتانچی و ئەرسەلان لە چواردەوری وەستان)

ئـاغـای کەتـانچی: جەنـابی ســــەرهەنگ، هیوادارم هەواڵی خۆشت پێبێت.

ســەرهەنگ: (بە ژێســت و جووڵەیەکی ســەربازی) دەبێت مـانکەنەکـان هەڵبگرن بەداخەوە، ئەوە بڕیـاری دەســــتەی بەڕێوەبەرایەتییە.

ئاغای کەتانچی: (لەســـەر کورســـییەکەکە دادەنیشـــێت و دەستی دەخاتە سەر دڵی) تەواو بوو!

خانمی ســـەرهەنگ: (ئاو بۆ ئاغای کەتانچی دەهێنێت) یانی چی بڕیاری دەســــتەی بەڕێوەبەرایەتییە؟ ئەی تۆ لەوێ چ ڕۆڵێکت هەبوو؟

(ئەرسەلان دەستدەکات بە باوەشێنکردنی ئاغای کەتانچی)

ســــەرهەنــگ: دراوســــێیەتی لەجێی خۆی بەڵام من بەرپرســــیارییەتیم هەیە خانم، دەبێت بیر لە بەرژەوەندیی هـەمووان بکەمەوە. ئێوەش خۆتـان زۆر نیگـەران مەکەن ماوەیەک مانکنەکان لە دیکۆرەکە هەڵگرین تاوەکو دۆخەکە وەک مـاســـتی مەییوی لێ دێت، ئەگەر کۆبوونەوەیەکی تر ئەنجامدرا دووبارە قسە لەگەڵ ئەنجومەنەکە دەکەمەوە.

ئەرســـەلان: پیکابەکەم لێرەیە ئاغای کەتانچی دەتوانین بیانبەینە کۆگا:

ســـەرهەنگ: بەڵێ کورِم خێرا کەن! من بەڵێنم داوە ئەمرۆ ئەم کارانە یەکلاکەمەوە.

کەتانچی: کەڵکی چی هەیە! ئەوەی نەدەبا ڕوووبدا ڕوویدا، من ئیتر چۆن لەم گەڕەکە ســـەر بەرزکەمەوە؟ خانمی سەرهەنگ دەکرێت دووبارە دکتۆر بانگ بکەی؟دۆخم هیچ باش نییە.

خانمی ســـەرهەنگ: (لەکاتی ڕۆیشـــتن) ئەو کچە بێچارە لەســـەرەوە وا خەریکە تیا دەچێت، ئنجا هەموو خەڵکی گەڕەک بیریان لای چوار بووکەڵەیە: (لەکاتی ڕۆیشـــتن هەندێ لە مانکەنە ڕووتەکان بەردەداتەوە)

کەتانچی: مەگەر شتێکی خراپم وتووە سەرهەنگ.

ســەرهەنگ: نا گیانە ژنەکان هەروان ئیتر، زوو هەســت و ســوز دایاندەگرێت. چەند خولەکێکی تر باش دەبن پێموایە چووە بە شوێن دکتۆرا!

(ئەرســەلان یەکێک لە مانکەنەکان لەســەر شــانی دادەنێت تاوەکو بیباتە دەرەوە)

کەتـانچی: ڕۆڵـە بەم شـــێوەیە مەیبە! دەتەوێ دووبـارە تووشی کێشەمان بکەی؟ شتێکی لەبەربکە، ئەی هاوار!

ئەرســـەلان: بەچاوان ئاغای کەتانچی! (پارچە قوماشـــێک بەسەر مانکنەکە دادەدا و دەیباتە دەرەوە.)

***

**دیمەنی شەشەم:**

(بەتوندی لە دەرگای دوکان دەدرێت ، ئەرســـەلان خەریکە لە شـووشـەکان دەدات. ئاغای کەتانچی کە زۆریش بە گوڕ نییە لەکـاتێکدا ڕۆبێک دەکـاتـە بـەری لە قـادرمەکـان دێتە خوارەوە)

کەتانچی: چی بووە؟ هاتم. (دەرگاکە دەکاتەوە)

ئەرسەلان: سڵاو، ئاغای کەتانچی!

کەتـانچی: بەم بەیـانییە چی بووە؟ خۆ سـەری حـەمـە قوشـەی نەهێناوە؟ دەزانی کە من و ماندگار جەومان گیراوە.

ئەرسـەلان: ئنجا من بە بۆنەی ماندگار خاتون هاتوومەتە ئێرە، دەزانی ئێستا لە کوێیە؟

کەتانچی: پێدەچێت بارودۆخی تۆیش لە من باشـتر نەبێت. دیارە کە لەسەرەوە خەوتووە! دەبێت لەکوێ بێت؟

ئەرسـەلان: ئەو ئێسـتا لە بنکەی پۆلیسـە، دوێنێ شـەو دەستگیرکراوە!

کەتانچی: نە بابە، ئەڵێی هەموو شار پێکەوە شێت بوون.

ئەرسەلان: خۆتان بڕۆن ببینن!

کەتانچی: (کەتانچی بە قادرمەکان دەچێتە سەرەوە) دەچمە سـەرەوە بەڵام بۆ هێنانی قایشـەکەم تاوەکو فێرت بکەم کەی کاتی گاڵتەیە؟

ئەرسەلان: باشە بەس ماندگار خانمیش بانگ بکە.

کەتانچی: ماندگار!... ماندگار!... ماندگار!... (دێتەخوارەوە) لە ژوورەکەی نییە! دیسان چیت کردوە؟ ماندگار لەکوێیە؟

ئەرســـەلان: ئەم گوڵمەزە ئیشـــی من نییە، هەموو ئیشـــی ماندگار خانمە.

کەتانچی: دوێنێ شـــەو خۆم خەواندم. هەرچەند داوام لێی کرد ئەو حـەپی هێورکـەرەوەی دکتۆر بۆی نووســـیوە بیخوات، نەیخوارد. تای لێبوو بەڵام وتی پشوو بدەم باشتر دەبم.

ئەرسەلان: دوێنێ شەو لە پارک دەستگیر کراوە، نیوەشەو لە پارک لە ســووچی کورســییەکە دۆزیویانەتەوە لە کاتێ (وچانێکی کورت) کە مانکەنێکی ڕووتی لەباوەش کردبوو.

کەتانچی: خەونت بینیوەیان دەتەوێت مۆتەکەکانی خۆتم بۆ بگێڕییەوە؟

ئەرسەلان: بەیانی زوو پەیوەندیان پێوەکردم چونکە ژمارە تەلەفۆنی کارگەی ئێمە لەپشـــتی مانکەنەکە نووســـراوە. هەرکە وتیان کچێکە دەڵێت ناوی ماندگارە، خێرا ڕۆشـــتمە ئەوێ.

کەتانچی: (هاوار دەکات) ئێستا لەکوێیە؟

ئەرســـەلان: پەیوەندیم بە خانمی ســـەرهەنگ کرد پێم وایە ئێستا لەماڵی سەرهەنگە.

کەتانچی: ئەرسەلان بەسە ئیتر بەسە! من باوەڕ ناکەم.

( دەنگی زەنگۆڵەی دەرگاکە دێت و خانمی سەرهەنگ دێتە ژوورەوە.)

کەتانچی: (خەریکی گریانە) خانمی سـەرهەنگ! ئێوە بڵێن، ئەمە چی دەڵێت؟ شتەکە ڕاستە؟ ماندگاری من لەکوێیە؟

خانمی سـەرهەنگ: لە ماڵی ئێمە! حەپێکی هێورکەرەوەی خوارد و خەوت، دکتۆر وتی لەوانەیە پێویسـت بکات ماوەیەک لە نەخۆشخانە بخەوێنرێت.

کەتانچی: (لە پرمەی گریان دەدات) هەموو ئەو شـتانەی هەمووتەمەنم ڕەنجم بۆ کێشابوو لەماوەی شەو و ڕۆژێک لەناو چوون.

خانمی سـەرهەنگ: هیچ شـتێک بەم خێراییە لەناو ناچێت ئاغای کەتانچی، تەنیا هەندێک کات ئەو پەردانەی کە کێشابوومان بە سەر کەلاوەیەکدا لەپڕ دادەکەون!

کەتانچی: (دەسـتی لەسـەر دڵی دادەنێت) هیچ شـتێکم بۆ نەماوتەوە، متمانەم، کچەکەم، ئیتر بۆچی زیندوو بمێنمەوە؟

ئەرسەلان: (بۆ لای ئەو دەچێت) ئاغای کەتانچی، بۆ خاتری خوا ئەو قسانە مەکەن، بارودۆختان باشە؟

(کەتانچی دەکەوێتە سەر کورسییەکە، ئەرسەلان و خانمی سەرهەنگ بانگی دەکەن، ڕووناکی نامێنێت.)

***

## دیمەنی حەوتەم:

(دیکۆری دیمەنەکە وەکوو دیمەنی یەکەمە، هیچ مانکەنێک لەنێو دیکۆرەکەدا نییە، ماندگار هەمان کراسی لەبەردایە کە لە دیمەنی خەونەکانی لەبەری کردبوو، و لەپشتی مێزەکە لە تەنیشت ئەکتەری مانکی ئاغای پیچیازی دانیشتوە و چای دەخواتەوە. ئەکتەری مانکەنەکە وەکو مانکەنێکی ڕاستەقینە لە شوێنی خۆی وەستاوە و بێ جووڵەیە.)

ماندگار: ڕای تۆ چییە؟ ئاغا ئەرسەلان دەڵێت نابێت هیچ مانکەنێک لە دیکۆرەکە دابنێین دەڵێت ئەوان هۆکاری مردنی باوکتن، پێموایە ئەو دەترسێت چونکە ئەوان ئاغا ئەرسەلان بیری ئیشی پێشووی دەخەنەوە (ڕوو دەکاتە

پیچیازی) چاییەکت بۆ تێبکەم؟ (لە چاپەستێک کوپێک چای بۆ تێدەکات) خانمی سەرهەنگ دوێنێ دەیگوت لەمەودوا لە جێگای باوکت ئاغا ئەرســـــەلان ئاگای لێم دەبێت، بەڵام پێمگوت تۆ هەی ئاگات لێم دەبێت، پێویستم بە کەسی دیکە نییە، (ڕوو دەکاتە پیچیازی) ئاگاداری من دەبیت وانییە؟

(دەنگی زنگۆڵەی دەرگاکە دێت هەمان کوڕە مێردمنداڵەکەی دیمەنی یەکەم دێتە ژورەوە، لەکاتێکدا کۆمەڵێک قەمیســـــی پیاوانەی هاوینەی ڕەنگداری لەدەست دایە)

کوڕە مێردمنداڵەکە: ببورە دوکانی جلوبەرگی پیاوانەی...( ڕادەوەســـتێت وەســـڵی ناو گیرفانی دەردێنێت و ســـەیری دەکات) ماندگارە؟( بەخۆشحاڵیەوە) ڕاست وتم نا؟

ماندگار: وای لەکۆتاییدا گەیشتن؟ ئازیزم!

کوڕە مێردمنداڵەکە: لەگەڵ منت بوو؟

مـاندگـار: نەخێر! (یەکێک لەکراســـــەکان دەردەهێنیت و دەیکاتە بەر ئاغای پیچیازی، ئەکتەری مانکەنەکە لەکاتی لـەبەرکردنی جلکەکە گیـانی بـە بـەردا دێت خۆی جلەکـان لەبەردەکات)

کوڕە مێردمنداڵەکە: ببورە لەگەڵ کێ قسە دەکەی؟

ماندگار: مەبەستت ئاغای پیچازییە؟ (ڕوو دەکاتە پیچیازی) گوێت لێیە چی دەڵێت؟

کوڕە مێردمنداڵەکە: چ ناوێکی سەیر! ناوی چی بوو؟

ماندگار: پێت دەناسێنم (وچانێکی کورت) هاوسەرم ئاغای پیچیازی!

کوڕە مێردمنداڵەکە: سەلامەتن؟

پیچیازی: خۆشحاڵم بە ناسینتان!

ماندگار: (ڕوو دەکاتە پیچیازی) ئەمە هەمان ئەو کەسەیە کە ئەو هەموو جلە جوانانە بۆ تۆ دێنێت.

پیچیازی: سوپاستان دەکەم!

کوڕە مێردمنداڵەکە: چ ملپێچێکی جوانت هەیە!

ماندگار: من بۆم کڕیوە!

کوڕە مێردمنداڵەکە: دەکرێ چایەکیش بۆ من تێبکەیت؟

ماندگار: بێگومان! (چای تێدەکات)

کوڕە مێرمنداڵکە: خەڵکی دەڵێن (وچانێکی کورت) تۆ لەگەڵ خۆت قسەدەکەی!

ماندگار: تۆ چۆن بیردەکەیەوە؟

کوڕە مێردمنـــداڵەکە: من؟ (وچـــانێکی کورت) پێم گوتن، ئێســـــتا کە ئاغای کەتانچی مردووە باش نییە پاش ئەو باسی کچەکەی بکەین.

پیچیـــازی: ئـــافەرین! (ملپێچەکەی لەملی کردەوە و لە گەردەنی ئەو ئالآند)

کوڕە مێردمنداڵەکە: (بە خرۆشـــــەوە) ئەمە بۆ منە؟ بەڵام وتت ئەمە دیارییە!

ماندگار: دووبارە بۆی دەکڕم!

کوڕە مێردمنداڵەکە: (خۆشـحاڵ بوو، هەڵدەسـتێت و لەکاتی ڕۆیشتن) مەمنونم! ماڵئاوا ئاغای پیچیازی!

(پیچیازی دەستی بۆ ڕادەوەشێنێت دەچێتە دەرەوە. دەنگی زەنگۆڵەی دەرگاکە دێت)

ماندگار: دواجار هاوین هات!

پیچیازی: خەڵکی لەم وەرزە ڕەنگەکراوەکان لەبەر دەکەن.

ماندگار: دەکرێت لە پشتی پەنجەرە سەیریان بکەین؟ وەکو هەمیشە!

پیچیازی: بێگومان ئازیزم!

( پێکەوە دەچنە پشــت پەنجەرەکە، پیچیازی دیســان وەکو مانکەن رادەوەستێت و ماندگار لەتەنیشتییەوە دەوەستێت.)

**کۆتایی**